کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
23-10-2007 23:56بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**بانگی ئازادی ... شێروان بێ دڵ**

ئەی وەتەن با دوژمنانت
دان بە بوونت دانانەنێن
ئازادیت لەئارایەو
دەینوسم بەڕەنگی خوێن
قەت مەڵێن دوژمی خوێن مژ
تۆپ و تەیارەی هەیە
ئازادی خوێنی دەوێت
پیرۆزە و زۆر گەورەیە
بەرنادەم ئەو سەنگەرە
ماچ دەکەم ئەو خەنجەرە
بۆ ئازاد بوونی خاکت
هەردەم کفنم لەبەرە
نایەوێ لەڕێی ئاشتیا
کێشەم چارەسەر بکا
دان بە بوونم دانانێ
وا مردوە لە رقا
پێی بڵێن کەمن هەمەو
ئەستەمە هیچ نامرم
من پێشمەرگەی ئازامە و
هەڵۆی سەنگەر و شەڕم
دەمێکە زۆر حەزدەکات
بێ و هێزی بجەربێنێ
دەیەوێ تەنها بە هێز
سەنگەری من بشکێنێ
شەرتبێ دەبێ بسوتێنم
دار و و بەرد و سەنگەری
هەتا دوا ترۆپکەی خوێن
هەڵنێم و بکەم شەری
زۆزک و سەفین شاهیدن
خاکت لام چەند شیرنە
ڕۆژێ هەر ئازاد دەبم
دەبڕم ئەو برینە
دەمێکە لێم دەکوژێ و
دەخواتن مافی گەلم
دەیەوێت بە پیلانی
تێک دات ڕیزی کۆمەڵم

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دوژمنێک کوردی نەویٚ
برامی بۆ ناکوژم
ئەو دوژمنە خوێن مژەی
هەمیشە بۆتە دژم
ئەی وەتەن با دوژمنانت
دان بە بوونت دانانەنێن
ئازادیت لەئارایەو
دەینوسم بەڕەنگی خوێن
با لەو پێناو خاکی تۆ
هەنجنکەن هەموو لەشم
ئازادی خوێنی دەوێت
بابرژێت خوێنی گەشم

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.